# گەرووی هورموز لە ستراتیژی ئەمریکای ئیدارەی ڕۆناڵد ریگاندا
## (١٩٨١-١٩٨٩)

**د.گۆران ابراهیم صالح***

وشە کلیلییەکان: گەرووی هورمز، جیۆپۆلەتیک، ستراتیژ، ئیدارەی ڕۆناڵد ڕیگان، ئەمریکا
https://doi.org/10.31271/jopss.10115

**پوختە**

گەرووی هورمز بە یەکێک لە گرنگترین گەرووەکانی جیهان دادەنرێت، هەروەها پێگەیەکی گەورەی جیۆپۆلەتیکی و ئابووری و ستراتیژی لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی هەیە. بە تایبەتی ئیدارەی ڕۆناڵد ڕیگان گرنگییەکی زۆری بەم گەروە داوە و لەم لێکۆڵینەوەیەدا میکانیزمەکانی بەرژەوەندی ئەمریکا لەو گەرووە و هۆکارەکانی ڕوون دەکرێتەوە: پیشەسازی ئەمریکا و تەنانەت ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکاش، ئەمەش وایکردووە ببێتە ڕێڕەوێکی ئاوی جیهانی. بەهۆی گرنگییەکەیەوە، گەرووی هورمز چەندین نازناوی دیکەی لە جیهاندا وەرگرتووە، لەوانە گەرووی ستراتیژی، دەروازەی ئاسایشی نێودەوڵەتی، ڕێڕەوی نەوتی نێودەوڵەتی، ڕێڕەوی وزە.

**ملخص**

**مضيق هرمز في الإستراتيجية الأمريكية لإدارة (رونالد ريغان) (١٩٨١-١٩٨٩)**

عد مضيق هرمز أحد أهم المضائق في العالم، والذي يتمتع بمكانة جيوسياسية واقتصادية واستراتيجية كبيرة على المستوى الإقليمي والدولي. وعلى وجه الخاص، أولت إدارة (رونالد ريغان) اهتماما كبيرا بهذا المضيق، وفي هذه الدراسة سيتم شرح آليات الاهتمام الأمريكي بالمضيق وعوامله هناك الصناعة الأمريكية وحتى الأمن القومي الأمريكي، وهو ما وجعلته ممرا مائيا عالميا. ونظرا لأهميته، حصل مضيق هرمز على عدة ألقاب أخرى على مستوى العالم، منها، المضيق الاستراتيجي و بوابة الأمن الدولي و ممر النفط الدولي وممر الطاقة.

---

* بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان/ کۆلیجی پەروەردەی بنەرەت / زانکۆی سلیمانی goran.salih@univsul.edu.iq

## Abstract

**The Strait of Hormuz in the US Strategy of the (Ronald Reagan) Administration (1981–1989)**

The Strait of Hormuz is one of the most important straits in the world, which has a great geopolitical, economic and strategic position at the regional and international levels. In particular, the (Ronald Reagan) administration paid more attention to this strait, which in this study, the mechanisms of US attention to the strait and its factors will be explained there is American industry and even on American national security, which is what has made it a global waterway. Because of its importance, the Strait of Hormuz has received several other titles worldwide, including the Strategic Strait, the International Security Gateway, the International Oil Corridor and the Energy Corridor.

## پێشەکی:

لە نێو کۆی گەرووەکانی جیهاندا، گەرووی هورموز یەکێکە لە گرنگترین ئەو گەرووانەی کە پێگەیەکی گەورەی جیۆپۆلەتیکی و ئابوری و ستراتیژی لە سەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی هەیە، لە بەر ئەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەر لە دوای دەرکەوتنی وەک زلهێزێکی گەورەی جیهانی، بایەخ و گرنگیەکی تایبەتی بەم گەرووە بە شێوەکی گشتی داوە، بە شیوەیەکی تایبەتیش ئیدارەی (ڕۆناڵد ڕێگان١٩٨١_١٩٨٨) بایەخی زیاتری بەم گەرووە دا، کە لە چوارچیوەی ئەم توێژینەوەیەدا، میکانیزمەکانی بایەخدانی ئەمریکا بە گەرووەکە و فاکتەرەکانی ڕوون دەکەینەوە، پاشان سیاسەت و هەڵوێستی ئیدارەی ڕیگان لەو چوارچێوەیەدا دەخەینە ڕوو.

**گرنگی و ئامانجی توێژینەوە:** گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە چۆن و بۆچی ئەمریکا لە نێو سەرجەم گەرووەکانی جیهاندا زۆرترین بایەخی بە گەرووی هورموز داوە؟، ئایا ئەم بایەخدانە گەورەیە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟ئامانجیشمان دەرخستنی ئەوەیە، کە گەرووی هورموز کاریگەری گەورەی نەک لە سەر ستراتیژی ئەمریکا لە ناوچەی کەنداو و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو کاریگەری گەورەی لە سەر دۆخی نێوخۆیی ئەمریکایش هەیە.

**میتۆدی تویژینەوە:** لەم تویژینەوەیەدا، پشتمان بە میتۆدی میژوو و میتۆدی وەسفی_شیکاری بەستووە .

**سنوری تویژینەوە:** دوای ڕوونکردنەوەی بایەخی گەرووی هورموز بۆ ئەمریکا، سنوری توێژینەوەکەمان لە ساڵی (١٩٨١) دەستپیدەکات و لە (١٩٨٩) کۆتایی دێت، کە هەردوو خولی سەرۆکایەتی سەرۆکی ئەمریکا (ڕۆناڵد ڕیگان) دەگریتەوە، کە سیاسەت و ستراتیژی ئەمریکا بەرامبەر گەرووی هورموز لە ناوچەی کەنداو پاشان ئەنجامەکانی ئەو ستراتیژە ڕووندەکرێتەوە.

لەم تویژینەوەیەدا بە شیوەیەکی گشتی پشت بەچەندین سەرچاوە بە زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبی و کوردی بەستراوە.

**پەیکەری ئەم توێژینەوەیە:** لە دەروازەیەک و سێ تەوەری سەرەکی پێکهاتووە، دەروازەکە تایبەتە بە پێگەی جیۆگرافی و جیۆپۆلەتیکی گەرووی هورموز، تەوەری یەکەم تایبەتە بە بایەخ و گرنگی پێگەی گەرووی هورموز بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، تەوەری دووەم، باس لە ستراتیژی ئەمریکا بەرامبەر گەرووی هورموز دەکات لە ئیدارەی یەکەمی ڕۆناڵد ڕیگاندا (١٩٨١-١٩٨٥)، کۆتا تەوەریش، کە تەوەری سێیەمە باس لە ستراتیژی ئەمریکا بەرامبەر گەرووی هورموز دەکات لە ئیدارەی دووەمی ڕۆناڵد ڕیگاندا (١٩٨٥-١٩٨٩).

## دەروازە: پێگەی جیۆگرافی گەرووی هورموز.

گەرووی هورموز دەکەوێتە باشوری ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیا.( Esmail,Abas and Hamzah,2020:337) پێگەی سەرەکی کەوتۆتە ئاوەکانی کەنداوی عەرەبییەوە (کەنداوی فارسی)، تاکە ڕووبەر و ڕێڕەوی ئاوی و دەروازەی نێوان ئاوەکانی کەنداو و دەریای عەرەبی و زەریای هیندییە.(الحسيناوي،٢٠١٨: ٤٠) ڕوبەری ئاوی ئەم گەرووە لە نێوان ئێران و سوڵتاننشینی عومان دابەش بوە، بە پێی ڕێککەوتنی ساڵی (١٩٧٤)ی نێوانیان، بەرپرسیارێتی پاراستنی گەرووەکە و کۆنترۆڵی هاتوچۆی کەشتی تێیدا، بەشێوەیەکی هاوبەش لە نێوان ئێران و سەڵتەنەی عوماندا دابەش کراوە، هەر بەپێی ئەم ڕێکەوتنە سنوری ئاوی نێوان هەردوو وڵات دیاریکراوە. پانی گەرووەکە لە نێوان (٣٨_-٤٣)کم، لەم ڕووبەرەیش هەریەکەیان لە ئێران و عومان (١٩)کم، واتە (١٢)میلی دەرییایان هەیە، گەرووەکە شێوەیەکی کەوانەیی (هلالی)هەیە و درێژییەکەیشی (١٧٨)کم.(Lamook and Seraji,2018:71) قوڵی ئاوەکەیشی بە شێوەیەکی گشتی لە (١٨٠_-٢٠٠)م دەبێت، قوڵترین خاڵی ئاوی گەرووەکەش (٢٢٣)م ە. (Lamook and Seraji,2018:72) بەڵام کەشتییە بارهەڵگرە گەورەکان بە تایبەتیش بارهەڵگرەکانی پەترۆل، دەتوانن تەنها ڕووبەری (٣٠٠_-٤٢٠)م ی ڕووبەری ئاوی گەرووەکە بەکاربهێنن.(ظاهر والعذاري:٩٤) ([1])

لە نێو گەرووەکەدا ژمارەیەک دورگە هەیە، لەوانەش هەردوو دوورگەی (سەلامە) و (لاراک) دەکەونە سنوری ئاوی سوڵتاننشینی عومان و دوورگەی (قشم)یش، کە گەورەترین دورگەی کەنداوی فارسیە دەکەوێتە سنوری ئاوی ئێرانەوە و دوورگەی هورموزیش دەکەوێتە باکوری دوورگەی (قشم)ەوە، هەروەها هەریەک لە دوورگەکانی (تونبی گەورە) و (تونبی بچوک) و (ئەبو موسا)کە لە سەرەتای چوونە ناوەوەن بۆ ئاوەکانی کەنداو، لە ڕێگەی گەرووی هورموزەوە لە ژێر کۆنترۆڵ و سنوری ئاوی ئێراندان، دوورگەکانی هورموزشیان پێدەوترێت، کە لە کاتی کۆنترۆڵکردنی تەواوەتی گەرووەکە گرنگی گەورەی ستراتیژیان بۆ ئێران هەیە. (Esmail,Abas and Hamzah, 2020: 337).

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییە جیۆگرافییە گرنگەکانی دیکەی ئەم گەرووە ئەوەیە، کە بە درێژایی وەرزەکانی ساڵ کەش و هەواکەی بۆ کەشتڕانی لە بارە و لە هیچ کاتێکی وەرزەکانی ساڵدا کەش و هەواکەی ڕێگر نابێت لە هاتوچۆی کەشتییە بارهەڵگرەکان بەم گەرووەدا. (الحسيناوي،٢٠١٨: ٤٠) پێگەی گرنگی جیۆگرافی و جیۆستراتیژی و جیۆپۆلەتیکی لەگەڵ ئەو تایبەتمەندییە گرنگانە، گەرووەکەی کردۆتە ڕێڕەوێکی ئاوی جیهانی لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، بە جۆرێک دەتوانرێت بوترێت گرنگترین گەروو و ڕێڕەوی ئاوی جیهانییە، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەری لە سەر زۆرینەی وڵاتانی جیهان دروستکردووە.

---

([1])بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پێگەی جیۆگرافی (گەروی هورموز) بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١)

## تەوەری یەکەم:

## بایەخ و گرنگی پێگەی گەرووی هورموز بۆ ئەمریکا:

لە نێو سەرجەم گەرووەکانی جیهاندا، کە ژمارەیان (٤٣) گەرووە. (محمد،٢٠١٧: ٣٧) گەرووی هورموز بە یەکێک لە گرنگترین گەرووەکان دادەنرێت، کە بۆماوەی چەندین سەدە ڕۆڵێکی گەورەی لە بازرگانی جیهانیدا هەبووە. .(حسین و عبید، ٢٠٢١، ١١٧)لە سەدەکانی (١٥_١٧) ململانێی توندی بەریتانیا و ئیسپانیا و پورتوگال لە سەر کۆنترۆڵکردنی گەرووەکە بەردەوامی هەبوو.(محمد،٢٠١٧: ٣٨) دوای پەرەسەندنی زیاتری پرۆسەکانی کۆلۆنیالیزمی ئەوروپی بۆ سەر وڵاتانی جیهان، ململانێی زیاتری زلهێزەکان لە سەر کۆنترۆڵی گەرووی هورموز چڕ بۆوە.(محمد،٢٠١٧: ٣٥) دوای کردنەوەی کەناڵی سویس لە ساڵی (١٨٦٩) و پاشان دۆزینەوەی پەترۆڵ لە وڵاتانی کەنداو، پێگەی گەرووی هورموز بۆ وڵاتانی زلهێز زیاتر بوو.(برع برع،٢٠٢٠، ٨)

سەرەڕای بایەخەکانی ئەمریکا بە گەرووەکە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە، بەڵام لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە، ئەمریکا بایەخی زیاتری بە پارێزگاری لە ڕێڕەوی ئاوی لە گەرووی هورموز دا، چونکە لەم قۆناغەوە کۆی ئەو پەترۆڵەی لە ناوچەی کەنداوەوە بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دەرۆیشت، بە گەرووی هورموزدا تێپەڕ دەبوو.(حسین و عبید، ٢٠٢١، ١٠٦) بە درێژایی ساڵانی جەنگی ساردیش، گەرووی هورموز بووە یەکێک لە خاڵەکانی ناکۆکی گەورەی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤێت لە ناوچەی کەنداو.(محمد،٢٠١٧: ٣٥) لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێرانیشەوە (١٩٧٩)، ئەمریکا ئەرکی پاراستنی گەرووی هورموزی زۆر زیاتر لە سەر شان قورستر بوو، سەرەتای کێشەکانیش لە سەر گەرووەکە بە سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران دەستپێکرد.(Sayin, 2020: 32) چونکە هەڕەشەی داخستنی گەرووەکە لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە هاتە کایەوە. .(حسین و عبید، ٢٠٢١: ١٠٦) بە ماوەیەکی کەمیش دوای سەرکەوتنی شۆڕش، ئێران هێزێکی وشکانی گەورەی سەربازی نزیک گەرووەکە جێگیر کرد.(Sayin, 2020: 32) جگەلەوەش، ئێران هەوڵیدا هێزە دەریاییە تایبەتەکانی خۆی لە گەرووی هورموز بەهێز بکات.(Esquivel, 1997: 39)

بە پێی وتەی (بەڕێوبەرایەتی زانیاریی وزەی ئەمریکا_ Energy Information Administration E.I.A) گەرووی هورموز گرنگترین خاڵی خنکاندنی وزەی جیهانییە، چونکە (٣/١) کۆی پەترۆڵی بەرهەمهاتووی جیهان بەو گەرووەدا تێپەڕ دەبێت. (Goldenberg, Schwed and Thomas, 2019: 8) بە تایبەتیش لە دوای ساڵی (١٩٧٨)ەوە، یەکەم گەروی جیهانە ، کە زۆرترین چڕی کەشتییە بارهەڵگرەکانی پەترۆڵی پێدا تێپەڕ دەبێت.(حسین و عبید، ٢٠٢١: ٢٧) بە جۆرێک

ڕۆژانە (٣٥%)ی کۆی کەشتییەکانی هەڵگری پەترۆل لە جیهاندا بەم گەرووەدا تێپەڕ دەبن.(Wahlisch, 2012: 22) جگەلە پەترۆل، (٣٠%) کۆی گازی بەرهەمهاتووی جیهان بەم گەرووەدا دەڕوات.(Wisdom Tree, 2019: 2) لە لایەکی دیکەوە (٦٠%)ی یەدەگی پەترۆل و (٤٥%)ی یەدەگی گازی جیهان لە ناوچەی کەنداودایە.(Schroden, 2011: 31). یەدەگی پەترۆلی ناوچەی کەنداویش بە (٧٣٠) ملیار بەرمیل خەمڵێنراوە. .(برع برع، ٢٠٢٠: ٤٢) هەر لەبەر ئەوە، ئەمریکا تەنها بەوە نەوەستاوە ڕۆڵی پارێزگاری لە ئاسایشی ناوچەی کەنداو و گەرووەکەدا هەبێت، بەڵکو ئەمریکا بونێکی سەربازی بەردەوامی لەم ناوچەیە هەیە، چونکە بە شێوەیەکی گشتی و بە تایبەتیش لە ئیدارەی ڕیگاندا، ئەمریکا بە شێوەیەکی سەرەکی پشتی بە پەترۆلی ناوچەی کەنداو بەستبوو. .(حسين و عبيد، ٢٠٢١: ١٢٧) هەر لەبەر ئەوە داڕێژەرانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە، کە ناوچەی کەنداو گەورەترین پێگەی بەرژەوەندی سیاسی و ئابوری و ستراتیژی ئەمریکایە لە جیهاندا. .(برع برع،٢٠٢٠: ٦٥) و (٩٠%) ی پەترۆلی وڵاتانی کەنداویش، کە بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دەڕوات، بە گەرووی هورموزدا تێپەر دەبێت.(منتظران، ٢٠١٨: ٥)

یەک لە خاڵە گرنگەکانی پاریزگاری لە نرخی جیهانی پەترۆل لە لایەن ئەمریکاوە، بریتیە لە پاراستنی ئەو هێڵە ئاوییەی ناوچەی کەنداو، کە بە گەرووی هورموزدا تێپەر دەبێت، لە هەمان کاتدا ئەو هێڵە، هێڵی پارێزگاریکردنە لە بازرگانی جیهانی، هەموو ئەمانەش پێکەوە بنەمای بەرژەوەندییە زیندووەکانی ئەمریکان لە ناوچەی کەنداو. (Goldenberg, Schwed and Thomas, 2019: 7). هیچ ڕێگەیەکی دیکەی گواستنەوەی پەترۆل نیە بتوانێت گەرووی هورموز تێبپەڕێنێت، لەبەر ئەوە داخستنی ئەم گەرووە بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت، کاریگەری گەورەی لە سەر بازاڕی پەترۆلی جیهانی و ئەمریکا و وڵاتە پیشەسازییەکانی دیکە (Goldenberg, Schwed and Thomas, 2019: 6) دەبێت.(C.R.S, 2018: 6) تەنانەت شارەزایانی ئابوری جەختیان لە سەر ئەوە کردۆتەوە، کە داخستنی ئەم گەرووە لە هەر قۆناغێکدا ، نرخی پەترۆل لە نێوان (٢٠٠_-٤٠٠) دۆلار بەرز دەکاتەوە. .(برع برع،٢٠٢٠، ٤٠) لە هەمان کاتدا سەرچاوەی دیکە بۆ قەرەبوکردنەوەی ئەو پەترۆلە لە جیهاندا نییە، کە لە ئەنجامی داخستنی گەرووی هورموزەوە دێتە کایەوە. (C.R.S, 2018: 5) ئەم پێگە گرنگە ستراتیژیەشی وایکردووە، کە گەرووی هورموز دەتوانیت ببیتە خاڵی خنکاندنی وزە لە جیهاندا.( H.M Government, 2022: 75) هەر بەهۆی گرنگیە گەورەکەیەوە، گەرووی هورموز چەندین نازناوی دیکەی لەسەر ئاستی جیهانی وەرگرتووە، لەوانەش (گەرووی ستراتیژی) (دەروازەی ئاسایشی نێودەوڵەتی) (ڕێڕەوی پەترۆڵی نێودەوڵەتی) (شادەماری وزە) .(حسين و عبيد، ٢٠٢١: ١١٤) هەروەها (هێڵی ژیانی ڕۆژئاوا)یشی پێدەوترێت. (Waker, 38)

لە ڕووی سەربازیشەوە، گەرووی هورموز پێگەیەکی گرنگی سەربازی بۆ ئەمریکا هەیە، چونکە کۆی پەیوەندی بنکە و هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لە ناوچەی کەنداو بە بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا لە زەریای هیندی و زەریای هێمن لە ڕێگای گەرووی هورموزەوەیە، هەروەها گەرووی هورموز تاکە ڕیگەیە بۆ گواستنەوەی یەکە سەربازییەکانی هێزی دەریایی ئەمریکا لە زەریای هیندیەوە بۆ ناوچەی کەنداو، لە لایەکی دیکەوە ڕێڕەوێکی گرنگە بۆ جوڵەی کەشتییە فڕۆکە هەڵگرەکان و ژێردەریاییە ئەتۆمییەکانی ئەمریکا، تەنانەت لە ماوەی هەردوو خولی ئیدارەی (ڕۆناڵد ڕیگاندا)[1]دا (٧٠_-٨٠) کەشتی گەورەی سەربازی ئەمریکا بە چەکی قورسەوە دوای تێپەڕبوونیان بە گەرووی هورموز لە ئاوەکانی کەنداو جێگیر کراون. (Lamook and Seraji, 2018: 73)

لە لایەکی دیکەوە، لایەنە جیۆستراتیژییەکانی گەرووەکە گرنگییە جیۆپۆلەتیکییەکەی زیاتر کردووە، هەر ئەم گرنگییە جیۆستراتیژی و جیۆپۆلەتیکییە بە قوڵی گەرووی هورموزیان خستۆتە نێو ملاملانێ هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانەوە، بە جۆرێک هەر هێزێک بتوانێت گەرووی هورموز کۆنترۆڵ بکات، دەتوانێت هاوسەنگی هەرێمی و جیهانی لە بەرژەوندی خۆی ئاراستە بکات. ( Lamook and Seraji, 2018: 72) هەر لەبەر ئەوە ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی پیشەسازی تا بەرزترین ئاست وابەستەی گەرووی هورموزن، نەک تەنها بۆ هاوردەکردنی پەترۆڵ و گاز، بەڵکو پێگەیەکی گەورەیشە بۆ هەناردەکردنی کەلوپەل و بەرهەمە پیشەسازییەکانی خۆیان بۆ نێو بازاڕەکانی جیهان بەگشتی و بازاڕەکانی وڵاتانی کەنداو بە تایبەتی. (Lamook and Seraji, 2018: 73).

لەبەر ئەم هۆکارانە بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەمریکا لە کۆی گەرووەکانی جیهاندا، زۆرترین هێزی ئابوری و سەربازی و هەوڵگری بۆ پارێزگاریکردن لە گەرووی هورموز تەرخان کردووە، چونکە ئەم گەرووە لەگەڵ ئەوەی ڕێڕەوێکی گرنگی گواستنەوەی پەترۆڵ و گازە بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، لە هەمان کاتدا پێگەیەگی گرنگە لە هاوسەنگی کۆنترۆڵی جیهانییە بۆ ئەمریکا، ئەمەش بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری گەورەی لەسەر ئابوری و بۆرسە و ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا هەیە.

[1] ڕۆناڵد ڕیگان: ساڵی (١٩١١) لە تامپیکۆ لە ئەمریکا هاتۆتە دنیاوە، تا دەیەی پەنجاکانی سەدەلی بیست ئەکتەرێکی بەناوبانگی فیلمە کابۆییەکانی ئەمریکا بوە، بەڵام لە دەیەی شەستەکانەوە چووەتە بواری سیاسەتەوە، لە نێوان ساڵانی (١٩٦٧-١٩٧٥) حاکمی ویلایەتی کالیفۆرنیا بوە، لە نێوانی ساڵانی (١٩٨١-١٩٨٩) لە دوو خولی سەرۆکایەتیدا وەک سەرۆکی ئەمریکا دەستبەکار بوە، دوای خانەنشینبوونی لە (٥/حوزەیرانی/٢٠٠٤) لە لۆسئەنجلس کۆچی دوایی کردووە.(Robert, 2005:vii-viii)

## تەوەری دووەم:

## گەرووی هورموز لە ستراتیژی ئەمریکای ئیدارەی یەکەمی ڕۆناڵد ڕیگاندا (١٩٨١-١٩٨٥)

کاتێک (ڕۆناڵد ڕیگان - Ronald Reagan) پۆستی سەرۆکایەتی ئەمریکای لە ساڵی (١٩٨١) گرتە دەست، لە سەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە، بوە میراتگری زنجیرەیەک کێشە و قەیرانی گەورە و گۆڕانکاری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست،کە لە قۆناغی ئیدارەی (جیمی کارتەر_Jimmy Carter)دا هاتبوونە کایەوە، لە دیارترینیشیان ڕوودانی شۆڕشی گەلانی لە ئێران و پاشان داگیرکردنی ئەفغانستان لە لایەن یەکێتی سۆڤیێتەوە بوو، بەم هەنگاوەیش سۆڤیێت لە گەرووی هورموز نزیکتر ببۆوە. (Almezani and Oters…, 2020: 140) لە بەر ئەوە دەبوو ئیدارەی ڕیگان، لە ئیدارەی کارتەر زیاتر بایەخ بە ناوچەی کەنداو بدات، چونکە بە پێی خەمڵاندنەکانی کاربەدەستانی باڵای ئیدارەی ڕیگان، مەترسیەکانی سۆڤێت بۆ سەر ناوچەی کەنداو لە ئیدارەی کارتەر زیاتر بوو. (Cummins,2022: 339) هەر لەدوای داگیرکردنی ئەفغانستان لە لایەن یەکێتی سۆڤێتەوە، ئەمریکا مەترسی گەورەی لەوە هەبوو، کە سۆڤێت زیاتر لە گەرووی هورموز نزیک بێتەوە و مەترسی لە سەر سەرچاوە پەترۆلیەکانی کەنداو و ڕۆیشتنی پەترۆل بە گەرووی هورموزدا دروستبکات.( Culberston, Shatz and Stewart, 2022:18)

لە ڕوانگەی سۆڤێتیشەوە، کۆنترۆڵکردنی گەرووی هورموز بریتی بوو لە کۆنترۆڵکردنی کۆی گشتی پەترۆلی کەنداو. (برع برع،٢٠٢٠، ٤٠) دوای ئەوەیشی سۆڤێت پێگەیەکی گەورەی سەربازی لە هێزی ئاسمانی و وشکانی لە سەر خاکی ئەفغانستان جێگیر کردبوو، ئەمریکا خەملاندنی بۆ کردبوو، کە ئەم پێگە سەربازییە بەهێزەی سۆڤێت تەنها (٣٠٠) میل لە گەرووی هورموزەوە دوورە، لە هەرکات و دەرفەتێکیشدا سۆڤێت دەستی بە گەرووی هورموز بگات، ئەو کات دەتوانیت(هێڵی ژیانی پەترۆلی ڕۆژئاوا_- West's Oil Life Line) بپچڕێنێت.(Cummins, 2022: 339)لە هەمان کاتدا سۆڤێت دەیویست کاریگەرییەکانی جەنگی عێراق-ئێران بقۆزێتەوە و هەژموونی خۆی لە ناوچەی کەنداو پێ بەهێز بکات.(Waker, 36) لەم قۆناغەشدا هەر مەترسیەک لە لایەن سۆڤێتەوە دروست ببوایە، ئەمریکا ئامادە بوو لە ڕێگەی بەکارهێنانی (هێزی دەستوەردانی خێرا- Rapid Development Force (R.D.F)[1] وە هێز لە دژی بەکار بهێنێت. (Almezani and Oters…, 2020: 140) ئەم هەڵویستەی

---

([1]) ئەو هێزە سەربازییە ئەمریکییە بوو، کە دوای شۆڕشی ئیسلامی ئێران و داگیرکردنی ئەفغانستان لە لایەن سۆڤێتەوە، ساڵی (١٩٨٠) بۆ پارێزگاریکردن و بەرگریکردن لە بەرژەوەندییە زیندووەکانی ئەمریکا لە ناوچەی کەنداو دامەزرا، پاشان ئەم هێزە بە هێزەکانی دیکەی ئەمریکا لە ڕۆژئاوای ئەورووپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بەسترایەوە، سەرەتا هێزەکەش لە(222,000) سەرباز پێکهاتبوو، تا ساڵی (١٩٨٣) ئەمریکا لە بودجەی سەربازی خۆی (٧٣٧) ملیۆن دۆلاری بۆ ئەم هێزە تەرخان کرد.(Rivlin, 1983: Xiii)

ئەمریکایش لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە کاربەدەستانی باڵای ئیدارەی ڕیگان سۆڤێتیان بە گەورەترین مەترسی لە سەر بەرژەوەندییە زیندووەکانی ئەمریکا لە ناوچەی کەنداو بەگشتی دەزانی.(Reich, Stephen and Gotowick, 1991: 3) لە لایەکی دیکەوە و بە تایبەتی ئەمریکا، دەستوەردانی سۆڤێتی لە ناوچەی کەنداو و گەرووی هورموز، لە سەر ئاستی جیهان، بە مەترسیدارترین جۆری دەستوەردان دەزانی.(عبد الفتاح و الزويني،٢٠١٢: ٢٧)

لەم قۆناغەی ئیدارەی ڕیگاندا، کاربەدەستانی باڵای ئیدارەکە جەختیان لە سەر ئەو ڕاستیە کردەوە، کە سۆڤێت ناتوانێت ڕاستەوخۆ پەلاماری (NATO) بدات، بەڵام لە ڕێگەی کۆنترۆڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و کەنداوی فارسی بە تایبەتی، دەتوانێت مەترسی گەورە لە سەر هاوپەیمانی (NATO) دروست بکات، لەو چوارچێوەیەشدا مەترسی گەورەی ئیدارەی ڕیگان ئەوە بوو، سۆڤێت گەرووی هورموز دابخات و لە هەمان کاتدا ئێرانیش پاڵپشتی بکات، ئەو کات دەتوانن ژێرخانی پەترۆلی سعودیە و وڵاتانی دیکەی کەنداو تێکبشکێنن و کێشەی گەورە بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دروستبکەن، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم مەترسیەش، ئەمریکا زنجیرەیەک پلانی نوێی تایبەت بە ناوچەی کەنداوی دارشت، لە نێویشیاندا هێنانی هێزی سەربازی زیاتر بوو بۆ ناوچەکە.(Crist, 2020: 1)

ساڵی (١٩٨٢) ئەمریکا ڕایگەیاند، بە هەموو شێوەیەک دەستوەردانی سەربازی لە ئەگەری داخستنی گەرووی هورموز دەکات، لەم کاتەشدا ئەمریکا (هێزی دەستوەردانی خێرا)ی بەکاردەهێنا، کە ژمارەی سەربازەکانی لە ناوچەی کەنداو دەگەیشتە زیاد لە (٢٠٠) هەزار سەرباز، بە چەک و ئامێر و جبەخانەی سەربازی مۆدێرنەوە، کەشتیهەڵگری فڕۆکە و ژێردەریایی هەڵگری موشەک، ئەم هێزەش جارێکی دیکە بە هێزەکانی ئەمریکا لە دەریای عەرەبی بەستراوەوە. (حسين وعبيد، ٢٠٢١، ١١٥)

لە هەمان قۆناغدا و لە پێناو سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی یاسا دەریاییەکان و ڕێرەوە ئاوییەکان، نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی (١٩٨٢) (ڕێکەوتننامەی یاسای دەریاکان)ی دەرکرد. .(حسين و عبيد، ٢٠٢١، ١١٦) کە ماددەی (٣٨)ی ڕێکەوتننامەکە جەختی لە سەر هاتوچۆی کەشتی وڵاتانی دیکە بە سەرجەم گەرووەکان و ڕێرەوە ئاوییەکان دەکردەوە، بە بێ دروستکردنی هیچ ئاستەنگێک.(اتفاقية الأمم المتحدة لقانون البحار لعام١٩٨٢، المادة (٣٨) جزء(١)) هەروەها ماددەی (١٧)ی ڕێکەوتننامەکە جەختی لە سەر تێپەڕینی کەشتی بیانی وڵاتانی دیکە بە سنوری ئاوی ئەو وڵاتانەدا کردەوە، کە خاوەن ئەو ڕێڕەو یان ئەو سنورە ئاوییە بەرتەسکانەن کەوتوونەتە سنوری وڵاتەکانیانەوە. .(اتفاقية الأمم المتحدة لقانون البحار لعام١٩٨٢، المادة (١٧) جزء(١)).

بەڵام ئێران لە لایەن خۆیەوە دانی بە بەندەکانی ئەم ڕێکەوتنامەیە نەنا و لەگەڵ ئەوەشدا ڕایگەیاند:" یاساکە باوەڕپێکراو نییە و ئێران مافی یاسایی تایبەتی خۆی لە بەکارهێنانی گەرووەکە

هەیە.“ (Sayin, 2020: 32) و بە هیچ شێوەیەک پابەندی بەندەکانی ئەم ڕێکەوتننامەیە نابێت. (منتظران، ٢٠١٨: ٧) بەڵام ئەمریکا لە لایەن خۆیەوە پاڵپشتی گەورەی یاساکانی نەتەوەیەکگرتووەکانی تایبەت بە ئازادی هاتوچۆ لە لە گەروو و تەنگەکان کرد، ئامانجی سەرەکی ئەمریکایش لەم پاڵپشتییەی بۆ ئەوە دەگەرایەوە، کە بە ئازادی کەشتییەکانی بە گەرووی هورموزدا تیپەڕ بن، ئەمەش دوای ئەوەی ئێران مەترسی لە سەر گەرووەکە دروستکردبوو، لە هەمان کاتدا ئیدارەی ڕیگان جەختی لە سەر ئەوە کردەوە، کە :”گەرووی هورموز بەشیکە لە سنوورە ئاوییە نێودەوڵەتییەکان و ئێران بۆی نیە داییخات.“ .(Wahlisch, 2012: 27) بەڵام لە تیڕوانینی ئێرانەوە بۆ یاسا نێودەوڵەتیەکان، ئێران بۆی هەیە لە کاتی جەنگدا سنورە ئاوییەکەی خۆی بەڕووی کەشتییەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا دابخات، .(Wahlisch, 2012: 26) و لە هەموو قۆناغێکیشدا بەرپرسیارێتی پاراستن و بەرگریکردن لە گەرووی هورموز تەنها مافی ئێران و سوڵتاننشیی عومانە (Valdani, 2012: 12) چونکە لە لایەکی دیکەوە و بە پێی بەندی (٤٢)ی ڕێکەوتننامەکە، وڵاتانی خاوەن گەرووەکان بۆیان هەبوو یاسای تایبەت بە پارێزگاری لە گەرووەکان دەربکەن. .(اتفاقية الأمم المتحدة لقانون البحار لعام١٩٨٢، المادة (٤٢)) ئەمریکایش لە لایەن خۆیەوە ئەم تێروانینەی ئێرانی بە هەموو شێوەیەک ڕەتکردەوە. .(Wahlisch, 2012: 26) و ڕایگەیاند:” ئازادیەکی ڕەها لە بەکارهێنانی کاری دەریاوانی لە گەرووی هورموزدا هەیە.“ (Sayin, 2020: 47) لەو چوارچێوەیەشدا ئەمریکا دەیویست پاڵپشت بە یاسا نێودەوڵەتییەکان، گەرووی هورمز بە کراوەیی بهێڵێتەوە.(I.C.J, 1993: 10)

بۆڕێکخستنەوەی زیاتر و بەرفراوانکردنی پێگەی سەربازی ئەمریکا لە ناوچەی کەنداو، لە (کانونی دووەمی/١٩٨٣) (هێزی دەستوەردانی خێرا -R.D.J.T.F) بە فەرمی بۆ (سەرکردایەتی هێزی ناوەندی ئەمریکا-CENTCOM)گۆڕدرا، کە سەرکردایەتییەکی یەکگرتوو ڕێکخراو بوو، ئەرکی زیاتری لە سەر ئاستێکیکی بەرفراوانتر وەردەگرت، لە باکورەوە لە وڵاتی پاکستانەوە تا عێراق و نیمچە دورگەی عەرەبی و پاشان بۆ لوتکەی ئەفریقی، بە تایبەتیش کینیا و سودانی دەگرتەوە، ئەم هێزە لە سەرجەم چالاکی و ئۆپەراسیۆنەکانی کاتی قەیرانە سەربازییەکان بەرپرسیار بوو. Reich, Stephen and Gotowick, ). 1991:4) بنکەی سەرەکی سەرپەرشتی ئەم هێزەش لە ویلایەتی فلۆریدا بوو، ژمارەی سەربازانی نیو بنکەکانی ئەم سەرکردایەتییە نوێیەش (٢٣٠) هەزار سەرباز بوون.(عبد الفتاح و الزويني،٢٠١٢: ٣٤) ئەم بنکە و پێگە سەربازییانەی ئەمریکا، ڕاستەوخۆ بە بنکە سەربازییەکانی دیکەی ئەمریکا لە زەریای هێمن و زەریای هیندی و دورگەی (دیگۆگارسیا) بە تایبەتی بەسترابوونەوە. ( Lamook and Seraji, (2018: 74

لە هەمان قۆناغدا ئێران دەستیکردبوو بە پرۆسەی مینرێژکردنی گەرووەکە، بەڵام ئەمریکا بە توندی دژایەتی ئەم هەنگاوەی ئێرانی کرد، لە هەمان کاتدا ئەمریکا رایگەیاند، کە ئەم هەنگاوەی

ئێران بە تەواوەتی پێچەوانەی یاسا نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە سنورە ئاوییەکان و ڕێڕەو و گەرووە جیهانییەکانە. (Wahlisch, 2012: 28). لە هەمان کاتدا ئێران دڵنیا بوو لەوەی، کە داخستنی گەرووی هورموز کاردانەوەی سەربازی و بەکارهێنانی هێزی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە لایەن ئەمریکاوە لێدەکەویتەوە، پاشان پرۆسەیەکی گەورەی پاککردنەوەی تۆڕە مینە ئاویەکان لە لایەن ئەمریکاوە دەستپێدەکات.(Zenko, 2018: 29) بەڵام سۆڤێت دژایەتی توندی ئەم ئامادەیی و بوونە سەربازییە گەورەیەی ئەمریکای لە ناوچەی کەنداو کرد. (Preece, 1987: 6) لە هەمان قۆناغدا و لە (١٥/تشرینی یەکەمی/١٩٨٣)(ئیمام خومەینی) مەترسیەکانی پەرەسەندنی جەنگی لە کەنداو بۆ ئەمریکا خستەڕوو، دوای ئەوەی هەڕەشەی داخستنی گەرووی هورموزی کرد بەڕووی تەواوی کەشتیەکانی ڕۆژئاوا و تێکشکاندنی بەرژەوەندییە پەترۆلییەکانیان لە ناوچەی کەنداودا، لەبەرامبەریشدا ئەمریکا داوای لە عێراق کرد، لەوە زیاتر بەرەی جەنگ لە ناوچەی کەنداودا چڕ نەکاتەوە. (عبدالله، ٢٠١٩، ١٥٥-١٥٦)

لە مانگی (کانونی دووەمی/١٩٨٤)دا هێزە دەریاییەکانی ئەمریکا، ئۆپەراسیۆنێکیان لە سنورە ئاوییە نێودەوڵەتییەکانی کەنداو و گەرووی هورموز دەستپێکرد، ئەم ئۆپەراسیۆنەش بۆ بەرگرتن بوو بە هەر چەشنە مەترسیەک بۆ سەر گەرووی هورموز دروست ببێت، هێزی ئاسمانی ئەمریکایش لە بەرزی (٢٠٠٠)پێ بەشداری لە ئۆپەراسیۆنەکە کرد، لە هەمان کاتدا پەیوەندییەکی ڕادیۆیی لە نێوان هێزی دەریایی و هیزی ئاسمانیی ئەمریکا بەسترا، لە مانگی (ئازار)یشدا ئەمریکا پلانێکی پێشوەختەی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی کەندا و بەریتانیا هەبوو، کۆی پلانەکەش بریتی بوو لە پارێزگاری کۆی ئەو کەشتییە نەوتهەڵگرانەی کە لە ناوچەی کەنداوەوە بە گەرووی هورموزدا تێپەڕ دەبن. (Waker,36)

لە مانگی (شوباتی/١٩٨٤)جەنگی تانکەرەکان لە ئاوەکانی کەنداو پەرەیانسەند، عێراق ژمارەیەک لە تانکەرە بارهەڵگرە پەترۆلیەکانی ئێرانی تێکشکاند، ئێرانیش ژمارەیەک تانکەری بارهەڵگری پەترۆلی سعودیە و کوەیت و تورکیا و هیندستانی تێکشکاند، فراوانبوونی جەنگی تانکەرەکانیش وای لە ئەمریکا کرد، کە سیستمی موشەکی ستینگەری-مەودا کورت لە سعودیە جێگیر بکات. (Waker,36) لە چوارچیوەی جەنگی تانکەرەکاندا، ئێران چەندین هێرشی کردە سەر کەشتییە بارهەڵگرەکانی پەترۆڵی وڵاتان و چەند موشەکێکیشی ئاراستەی کێڵگە پەترۆلیەکانی وڵاتانی کەنداو کرد. (Goldenberg, Schwed and Thomas, 2019: 8). لەو هێرشانەیشدا ئێران پلانی تیکشکاندنی ژێرخانی پەترۆڵی وڵاتانی کەنداو و داخستنی گەرووی هورموزی دانابوو. (Goldenberg, Schwed and Thomas, 2019: 6).

لە کۆتایی ساڵی (١٩٨٤) کەشتیگەلی بەریتانیا و فەرەنسا هاوکاری گەورەی کەشتیگەلی ئەمریکایان کرد، بۆ ئەوەی گەرووی هورموز بە کراوەیی بهێڵرێتەوە، ئەمەش دوای ئەوە هات عێراق

(جەنگی تانکەرەکان)ی دژ بە ئێران دەستپیکردبوو. (Battle and Others...,1988: 14) ئەمریکا و وڵاتانی هاوپەیمانی مەترسی گەورەیان لەوە هەبوو ئێران لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە گەرووی هورموز دابخات.(Burki, 199: 58) لە لایەکی دیکەوە ئەمریکا مەترسی لەوە هەبوو سۆڤێت دەستوەردان لە دۆخی ئاڵۆزی کەنداو بکات و دژ بە ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا بەکاریبهێنیت، لەبەر ئەوە دەبوو ئەمریکا ڕێگە لە هەر چەشنە دەستوەردانیکی سۆڤێت لە ناوچەی کەنداو بگرێت، چونکە ئامانجی سەرەکی سۆڤێت دروستکردنی کاریگەری بوو لە سەر ڕێڕەوی ئاوی کەنداو، کە بە گەرووی هورموزدا تیپەر دەبوو.(Preece, 1987: 1)بەڵام لەم قۆناغەدا و سەرەڕای بەردەوامییەکانی جەنگی ئێران_عێراق، ڕۆیشتنی پەترۆل بە گەرووی هورموز بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی هەر بەردەوام بوو، نرخەکەشی بەو جۆرە بەرز نەبۆوە کە بە هۆی کاریگەرییەکانی جەنگەوە پیشبینی بۆ کرابوو.(Battle and Others..., 1988: 10)

بەمشێوەیە لە چوارچێوەی ئیدارەی یەکەمی ڕۆناڵد ڕیگاندا، ئەمریکا دەبوو ڕووبەڕووی هەردوو ئاراستەی مەترسییەکانی یەکێتی سۆڤێت و ئێران لە ناوچەی کەنداو ببێتەوە، چونکە هەردوو هێزەکە هێزی گەورەی نێودەوڵەتی و هەرێمی بوون و دەیانتوانی کاریگەری گەورە لە سەر ناوچەی کەنداو بەگشتی و گەرووی هورموز بە تایبەتی دروستبکەن، بەڵام ئەمریکا بە پلانی بەهێزی سەربازی و سیاسی و ئابوری و هەواڵگری، توانی بەر بە مەترسیەکانی ئەم دوو هێزە لە سەر گەرووی هورموز بگرێت، لە هەمان قۆناغدا گۆڕانکاریی گەورە لە ستراتیژی ئەمریکا لە ناوچەی کەنداو کرا.

## تەوەری سێیەم:

## گەرووی هورموز لە ستراتیژی ئەمریکای ئیدارەی دووەمی ڕۆناڵد ریگاندا (١٩٨٥-١٩٨٩)

لە هەنگاوێکی دیکەیدا و دوای دووبارە بوونەوەی بە سەرۆکی ئەمریکا، (ڕۆناڵد ریگان) لە (٨/تەموزی/١٩٨٥) ئێرانی وەک وڵاتێکی تیرۆریست ناساند. (Preece, 1987: 13) دوای ئەوەی عێراق جەنگی تانکەرەکانی بە هێرشکردنە سەر ناوچەکانی دەوروبەری دوورگەی (خارگ) دەستپێکردبوو، کە تێرمیناڵی سەرەکی پەترۆڵی ئێران بوو، ئێرانیش لە بەرامبەردا هێرشی بۆ سەر ئەو کەشتییانە دەستپێیکرد، کە پەترۆڵی عێراقیان هەڵگرتبوو.(Richman, 1987: 4) هەر لە چوارچیوەی جەنگی تانکەرەکاندا، یەک لە پلانەکانی ئێران ئەوەبوو لە ڕێگەی ئەم جەنگەوە قەیرانی پەترۆڵی بۆ ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا دروستبکات، لە هەمان کاتدا ئێران پلانی پێکانی پێگە و سەکۆ پەترۆلیەکانی وڵاتانی کەنداوی هەبوو. (Lesser, 1992: 11) لە هەمان ساڵدا و لەگەڵ جەنگی تانکەرەکاندا، جەنگی شارەکانیش لە نیوان عێراق و ئێراندا دەستپێیکرد. (Waker,55) ئەم گۆڕانکارییانەش لە دۆخی جەنگ تا کۆتایی ساڵی(١٩٨٥) وای لە ئەمریکا کرد کەشتیە بارهەڵگرە پەترۆلیەکانی بە ئاڵای وڵاتانی دیکەوە لە ئاوەکانی کەنداو تێپەڕ بکات، جگەلە ئەمریکا، هاوپەیمانەکانیشی لە وڵاتانی ئەوروپا (٢٠%_-٤٠%) و یابانیش (٦٦%) و یۆنانیش (٥٥%) پشتیان بە پەترۆڵی ناوچەی کەنداو دەبەست.(Waker,36)

لە مانگی (ئازاری/١٩٨٦)دا دوای بەردەوامی بۆردومانەکانی ئێران لە سەر کەشتیە بارهەڵگرەکان، ئەمریکا سعودیەی لەوە ئاگادار کردەوە، کە هەماهەنگی سەربازی نێوانیان زیاتر بکەن لە پیناو پاراستنی کەشتیە بارهەڵگرەکان و هیشتنەوەی گەرووی هورموز بە کراوەیی،(Waker, 57) لە هەمان کاتدا ئەمریکا جەختی لە سەر ئەوە کردەوە، ئامانجی سەرەکی بوونی هێزەکانیان لە سەر خاکی سعودیە، پاراستنی ئاسایشی ناوچەی کەنداو و کەشتیرانییە لە گەرووی هورموزدا.( Kaye and Others…: 55) ئێران هێزە دەریاییەکانی خۆی لەوە ئاگادار کردەوە، کە هەر کەشتییەکی ئەمریکی بپیێکن گەر باری بۆ عێراق هەڵگرتبوو. ئەمریکایش لە (١٣/ئازاردا)و لە بەرامبەر مەترسییەکانی ئێران مانۆڕێکی سەربازی بەرفراوانی لە ئاوەکانی کەنداو و گەرووی هورموز و دەریای عەرەبی ڕاگەیاند، کەشتی وڵاتانیش لەوە ئاگادارکرانەوە، کە نزیک مانۆڕەسەربازییەکانی ئەمریکا نەبنەوە، بە تایبەتیش مانۆڕە سەربازییەکانی گەرووی هورموز و دەوروبەری. (Waker,57-58)

لەم قۆناغەدا جەنگی تانکەرەکان کاریگەری گەورەی نەرینی لە سەر ڕۆیشتنی پەترۆل لە ڕێگەی گەرووی هورموزەوە دروستکرد.(Burki, 1992: 72) بە جۆریک ساڵی (١٩٧٥) ڕۆژانە بڕی (١٧,٥)

ملیۆن بەرمیل پەترۆل بە گەروی هورموزدا تێپەڕ دەبوو، ساڵی (١٩٨٠) بۆ (١٦,٢) ملیۆن بەرمیل دابەزی، بەڵام ئەم بڕە لە ساڵی (١٩٨٦)دا بۆ (٦,٥) بەمیلی ڕۆژانە کەمیکرد. (Richman,1987:5)

لە هەمان کاتدا ئێران ڕایگەیاند، گەر هەر زیانێک بەر سەکۆ پەترۆلیەکانی ئێران لە دورگەی (خارگ) بگات، ئەوا ئێران تاکلایەنە لە لایەن خۆیەوە گەرووی هورموز دادەخات. (Richman, 1987:5) ئەوەبوو لە کۆتایی مانگی (حوزەیرانی/١٩٨٦)دا ئەو تەنگە ئاویانەی دەکەوتنە نزیک دورگەکانی (هێنجام) و (لاراک) نزیک بە گەرووی هورموز، لە لایەن ئیرانەوە داخران.(Preece, 1987:6)

لە ئەنجامی ئەو مەترسیانەشی لە سەر گەرووی هورموز دروست بوون، ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا ستراتیژێکی دیکەیان بۆ گواستنەوەی پەترۆلی ناوچەی کەنداو هەبوو، ئەویش گواستنەوەی بوو لە ڕێگەی بۆرییەوە بۆ کەنارەکانی دەریای سور و دەریای سپی ناوەڕاست.(Lesser, 1992: 15) ئەمریکا وڵاتانی کەنداوی ئاگادارکردەوە، بۆ ئەوەی پەترۆلەکەیان لە ریگای بۆرییەوە بگوازنەوە، ئەمەش پێویستی بە راکێشانی هێڵی بۆری نوێ دەکرد بۆ سەر بەندەرەکانی دەریای سور و دەریای سپی ناوەڕاست، ئەمەش وەک ئەلتەرناتیڤێک بۆ گەرووی هورموز.(Serwer, 2016: 4) بەڵام سەرکەوتوو نەبوو ، چونکە گەرووی هورموز هیچ ئەلتەرناتیڤێکی نەبوو.(Lesser, 1992: 15)

گەورەترین کێشەی ئەمریکا لەم قۆناغەدا، بریتی بوو لە تێکشکانی بەرژوەندییە زیندووەکانی ئەمریکا لە ڕێگەی لێدانی سەرچاوە پەترۆلیەکانی وڵاتانی کەنداو، پاشان داخستنی گەرووی هورموز.(Goldenberg, Schwed and Thomas, 2019: 6) لە لایەکی دیکەوە و لە دەیەی هەشتاکاندا ئەمریکا بەراورد بە دەیەی هەفتاکان و پێشتر پێویستی زیاتری بە پەترۆلی کەنداو بوو، چونکە بەکاربردنی ڕۆژانە و پیویستییەکانی ئەمریکا بۆ پەترۆل زیادیکردبوو. (Richman, 1987: 5)

یەکێکی دیکە لە مەترسیەکانی ئەمریکا، کە بەردەوام کەشتییەکانی خۆی لێ ئاگادار دەکردەوە، ئەوە بوو نزیک ئەو سنورە ئاوییانەی ئیران لە گەرووی هورموز نەبنەوە، چونکە بەشیکی زۆی سنورەکە بە تۆڕی مینی ئاوی مینرێژکراوە، لەو قۆناغەشدا ئەمریکا دوو بژاردەی لە بەردەستدا بوو، دەبوو لەو سنورە ئاوییە مینرێژکراوانە دوربکەویتەوە، یان پلانێکی درێژخایەنی پاککردنەوەی ڕوبەرە ئاوییە مینرێژکراوەکان دابنیت، بێگومان بژاردەی یەکەمیان باشتر بوو، چونکە بژاردەی دووەم کات و ئەرک و تێچون و مەترسی زۆری هەبوو.(Schroden, 2011: 1) لە لایەکی دیکەوە بە پێی هەڵسەنگاندنەکانی ئەمریکا، پاکردنەوەی گەرووی هورموز لە تۆڕە مینە ئاوییەکانی ئیران (٢٨_٤٠)ڕۆژی دەخایاند و کۆی هەوڵەکانیش بۆ کردنەوەی گەرووەکە (٣٧_١١٢) ڕۆژی پێویست بوو. (Schroden, 2011: 39) لە لایەکی دیکەوە شارەزایانی ئەمریکی جەختیان لە سەر ئەوە دەکردەوە، کە لە ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە چەندین ئاستەنگ و بەربەست و نادڵنیایی و سەختی

سروشتی دیته ڕێیان، ئەم هۆکارانەش ئاستەنگی بڕیاردانی بۆ شارەزایانی ئەمریکی و ستراتیژی ئەمریکا بەرامبەر بە گەرووی هورمز دروستکردبوو. (Schroden, 2011: 47)

لە مانگی (سێپتیمبەری/١٩٨٥)یشدا، ئەمریکا کەشتییەکانی خۆی لەوە ئاگادار کردەوە، کە لەبەشی باشوری سنورە ئاوییەکانی کەنداوەوە تێپەڕن، پاشان بەشی باشوری گەروی هورمز لە سنورە ئاوییەکانی عومان بەکاربهێنن، چونکە بە پێی ڕاگەیاندراوەکەی ئەمریکا هەموو سنورە ئاوییەکانی ئێران بە درێژایی کەنداو ببوونە سنوری ناوچەی جەنگ. (Waker, 56)

هەر لەم قۆناغەی ئیدارەی ڕیگاندا، لە ئەگەری داخستنی گەرووی هورمز، ئەمریکا پلانی خێرا و ئامادەکاری تەواوەتی پەلاماری سەربازی ڕاستەوخۆی ئێرانی هەبوو، پلانەکەش بریتی بوو لە بەکارهینانی هێزی دەریایی و موشەکە دورهاویژەکانی ئەمریکا و پاشان لە کۆتایدا پاککردنەوەی گەروی هورمز لەو ژمارە زۆرەی مین، کە ئێران بەشیکی گەورەی گەرووەکەی پێ مینرێژ کردبوو، هەروەها بەشێک لە پلاندارێژەرانی ستراتیژی سەربازی ئەمریکا پێشنیازی ئەوەیان کرد، پێویستە ئەمریکا لە یەک کاتدا هێزی سەربازی و دەریایی خۆی لە ناوچەی کەنداو دژ بە ئێران بەکاربهێنیت ( Schroden, 2011: 2). ئەمەش دوای ئەوە هات، (عەلی خامەنەیی) وەک سەرۆک کۆماری ئەو قۆناغەی ئێران، چەندین جار جەختی لە سەر ئەوە دەکردەوە:" گەر ئەمریکا هەر هەنگاوێکی هەڵە بە ئاراستەی ئێران بنێت، ئەو کات ناردنی وزە ڕووبەڕووی مەترسی دەبێتەوە." لێرەدا ئێران ستراتیژی ململانێی سیاسی، هەڕەشەی داخستنی گەرووەکە و ناسەقامگیری ناوچەکەی دژ بە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بەکاردەهێنا. (Schroden, 2011: 34-35)

لە یەکێک لە کاردانەوەکانی خۆیشیدا، لە مانگی (تەموزی/١٩٨٧)دا، ئەمریکا جارێکی دیکە مانۆڕێکی سەربازی بەرفراوانی لە ئاوەکانی کەنداو و گەرووی هورمز و کەنداوی عومان و دەریای عەرەبی ڕاگەیاند، لە مانۆرەکەدا هێزی ئاسمانی دەریایی ئەمریکا بەشداریان تێدا کرد، لە بڕیارێکی نوێی ئیدارەی ڕیگانیشدا، بۆ یەکەم جار بڕیار درا ژمارەیەکی زۆر چەکی قورس و سیستمی ڕاداری پێشکەوتوو لە نزیک گەرووی هورمز جێگیر بکرێت. (Waker,36) لە (تشرینی یەکەمی/١٩٨٧)یشدا، کەشتییە سەربازییەکانی ئەمریکا سەکۆیەکی پەترۆڵی ئێرانیان لە کەنداو تێکشکاند، ئەمەش دوای تێکشکاندنی کەشتییەکی نەوتهەڵگری ئەمریکا بوو لە لایەن ئێرانەوە،(Wahlisch, 2012: 34)

لە (نیسانی/١٩٨٨)دا ململانێکانی ئەمریکا و ئێران لە سەر گەرووەکە گەیشتە لوتکە، بەجۆرێک ئەمریکا لە چەند هیرشێکدا دوو کەشتی جەنگیی و ژمارەیەک بەلەمی خێرای سەربازیی ئێرانی تێکشکاند، ئەمەش توندترین کاردانەوەی سەربازیی ئەمریکا بوو لە قۆناغی دووەمی ئیدارەی ڕیگاندا. (Wahlisch, 2012: 34) لە (١٤/ئەپرلی/١٩٨٨)دا کەشتی (U.S.S Samuel B. Roberts)

کەوتە تۆڕی مینە ئاوییەکانی ئێرانەوە و زیانی گەورەی پێگەیشت، لە کاردانەوەی خۆیشیدا لە (١٨/نیسانی/١٩٨٨) دا هێزی کەشتیگەلی دەریایی ئەمریکا هەردوو سەکۆی پەترۆلی ئێران (ساسان) و (سیری)یان بە چڕی بۆردومانکرد،(Mobley, 2022: 73) کە (٨%)ی پەترۆلی ئێرانیان لێوە هەناردە دەکرا،(Waker,69) لە هەمان پەلاماردا، سێ کەشتی و سێ بەلەمی خێرای سەربازی ئێرانی تێکشکاند، هەر لە چوارچێوای پێکدادانە سەربازییەکانی نێوانیاندا، لە (٣/جولای/١٩٨٨) (U.S.S Vincennes) بە هەڵە فڕۆکەیەکی ئێرانی لە سەر گەرووی هورموز خستەخوارەوە.(Mobley, 2022: 73) کە بەهۆیەوە (٢٩٠) هاوڵاتی بوونە قوربانی. (Sayin, 2020: 38) لە هەمان کاتدا ئەمریکا زنجیرەیەک هێرشی ئاسمانی کردە سەر تۆڕی ئەو مینانەی، کە ئێران لە بەشێکی ئاوەکانی کەنداو دایانابوون. (Sayin,2020:32) بە تایبەتیش، تۆڕە مینە ئاوییەکانی ئێران لە گەرووی هورموز و دەوروبەری گەرووەکە.(Schroden, 2011: 3) لە ئەنجامی هێرشەکانیشدا ئەمریکا توانی ژمارەیەکی دیار لە تۆڕە مینیە ئاویەکانی ئێران تێکبشکێنێت. (Sayin, 2020: 38) و زیانی گەورە بە(٦٠%)ی هێزە دەریاییەکانی ئێران بگەیەنێت.(عبدالله، ٢٠١٩، ٣٦٧)

هەر لەم قۆناغەدا و لە (١٠/شوباتی/١٩٨٨)دا جەنگی شارەکان و جەنگی تانکەرەکانی نێوان عێراق و ئێران بە توندی دەستیان پێکردەوە، لە هەمان کاتدا و لە پێناو پاراستی ڕێڕەوی ئاوی کەنداو، کە بەگەرووی هورموزدا تێپەڕ دەبوو، ئەمریکا داوای کرد هێزێکی بێلایەن لە نەتەوە یەکگرتووەکان پارێزگاری لە ڕێڕەوە ئاوییەکانی کەنداو بکات، بەڵام دۆخەکە ڕووی لە ئاڵۆزی زیاتر کرد و (Wahlisch, 2012: 34) لە ساڵی (١٩٨٤)یشەوە تا ئەم قۆناغە، ئێران زیاد لە (٢٠٠) کەشتی ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی لە ئاوەکانی کەنداو پێکا، کە بەهۆیانەوە (٣٢٠)کەس کوژران.(I.J.C, 1993: 7) بە درێژایی ساڵانی جەنگیش(١٩٨٠_١٩٨٨) ئێران هێرشی کردە سەر (٥٤٥) کەشتی ئەمریکا وڵاتانی دیکە. (ظاهر والعذاري:٩٥)

هەر بەهۆی ئەو مەترسیانەوە، لە نێوان ساڵانی (١٩٨٧-١٩٨٨) ئەمریکا لە ڕێگەی کەشتییە سەربازییە تێکشکێنەرەکانییەوە، پاسەوانی پارێزگاری لە کەشتییەکانی خۆی و هاوپەیمانەکانی لە ئاوەکانی کەنداو دەکرد، تا ئەو کاتەی لە گەرووی هورموز تێپەڕ دەبوون. .(Goldenberg, Schwed and Thomas, 2019: 28)

ئەمەش ستراتیژی جێگیری ئەمریکا بوو لە ناوچەی کەنداو، کە هەرکاتێک ئێران هەوڵی داخستنی گەرووی هورموز بدات، ئەو کات هێزی سەربازی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە دژ بەکاردەهێنێت.(Klare, 2015: 18) ئامانجی سەرەکی هێرشەکانی ئەمریکایش دژ بە ئێران، ڕێگرتن بوو لە ئێران، لەوەی کە دەیویست گەرووی هورموز بەڕووی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا دابخات، لە هەمان کاتدا، ستراتیژی ئیدارەی ڕیگانیش هێشتنەوەی گەرووی هورموز بوو بە کراوەیی، لە پیناو خۆ

بەدورگرتن لە پێکدادانی سەربازی گەورەتر، ئەمریکا پلانی سەربازی بەرفراوانتری دژ بە ئێران نەبوو. (Schroden, 2011: 3)

پەلامارەکانی ئەمریکایش بۆ سەر کەشتی و سەکۆ پەترۆلییەکانی ئێران مەودای جەنگی لە ناوچەی کەنداو فراوانتر کرد و سەقامگیری ناوچەکەی زیاتر خستە مەترسییەوە، ئێرانیش بە توندی سەرکۆنەی پەلامارە سەربازییەکانی ئەمریکای کرد و لە هەمان کاتدا ئەوەی ڕوونکردەوە، کە بوون و پێگەی سەربازی ئەمریکا لە ناوچەی کەنداو نەک فاکتەری بەردەوامی ئاشتی و سەقامگیری ناوچەکە نییە، بەڵکو سەرچاوەی سەرەکی ناسەقامگیرییە لە ناوچەکەدا.(Valdani, 2012: 29) لە لایەکی دیکەوە و لە ئیدارەی ڕیگاندا ئەمریکا ستراتیژی بەکارهێنانی مانگە دەستکردەکانی بۆ سەر گەرووی هورموز هەبوو، بە تایبەتیش بۆ دیاریکردنی ئەو هێڵە ئاوییانەی، کە لە مەترسی تۆڕە مینە دەریاییەکانی ئێران بەدوورن. (Schroden, 2011: 38)

دوای ئەوەیشی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری (٥٩٨)ی تایبەت بە ئاگربەستی ساڵی (١٩٨٧)ی پەسەند کرد، ڕاستەوخۆ داوا لە هەریەک لە وڵاتانی ئێران و عێراق کرا جەنگ ڕاگرن. ( Almezani and Oters..., 2020: 33 بەڵام ئێران لە (١٧/تەموزی/١٩٨٨) بڕیارەکەی نەتەوە یەکگرتووەکانی پەسەندکرد، ئەوە بوو سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان، لە (٨/ئاب)دا ئاگربەستی تەواوەتی لە نێوان هەردوو وڵاتی بەشەرهاتوودا ڕاگەیاند و لە (٢٠/ئاب)ەوە چووە بواری جێبەجێکردنەوە. (Waker, 72)

لە دوا ساتەکانی ئیدارەی ڕیگان و سەرەتای ئیدارەی (جۆرج بوش George H.W. Bush)دا، پێشهاتەکانی جیهان بە گشتی و و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی بە ئاراستەیەکدا ڕۆیشت، کە پێشتر چاوەڕواننەکراو بوون، لەو پێشهاتە گەورانەیش بریتی بوون لە پاشەکشەی هێزەکانی سۆڤێت لە ئەفغانستان، ئاگربەست و پاشان کۆتاییهاتنی جەنگی ئێران_عێراق، داڕمانی بلۆکی سۆسیالیستی لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، لە چوارچێوەی هەموو ئەم گۆڕانکارییانەشدا پێویستیەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ پەترۆلی کەنداو زیادیکرد، هەموو ئەمانەش پێکەوە وایان لە ئەمریکا کرد جارێکی دیکە ستراتیژی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و ناوچەی کەنداو بە تایبەتی دابڕێژێتەوە. (Reich, Stephen and Gotowick, 1991: 4 ). چونکە لەم قۆناغەدا وڵاتانی کەنداو (٥٠%)ی پەترۆلی ئەمریکا و (٣٠%) پەترۆلی ئەوروپا و (٦٥%)ی پەترۆلی ژاپۆنیان دابین دەکرد. (Waker,37)لە مانگی (کانونی دووەمی/١٩٨٩)ئەمریکا کۆتایی ئۆپەراسیۆنە دەریاییەکانی بۆ پاراستنی کەشتییە بارهەڵگرەکانی لە ئاوەکانی کەنداو ڕاگەیاند، ئەو کەشتییە سەربازیانەشی نزیک گەرووی هورموز جیگیری کردبوون پاشەکشەی پێکردن. (Waker, 73)

دواجار مەترسیەکانی سەر گەرووی هورموز لە ئیدارەی دووەمی ڕیگاندا، ئەمریکا و ئێرانی گەیاندە پێکدادانی ڕاستەخۆی سەربازی، بەڵام ئەمریکا توانی گەرووی هورموز بە کراوەیی و نرخی پەترۆلیش تارادەیەک بە جێگیری بهێڵێتەوە، بە کۆتایی جەنگی ساردیش ئەمریکا کۆنترۆڵی تەواوەتی ناوچەی کەنداوی کرد، لەو چوارچێوەیەشدا گەورەترین جەختی ئەمریکا لە سەر گەرووی هورموز بوو، لە هەمان قۆناغدا ئەمریکا بووە خاوەن پیگە و هەژموونێک لە ناوچەی کەنداودا، کە هیچ زلهێزیک لە پیشتردا نەیبوو.

## ئەنجام:

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیشدا بە چەند ئەنجامێک گەیشتین:

١-گەرووی هورموز گرنگترین و هەستیارترین ڕێرەوی ئاوی جیهانییە، کە بایەخ و گرنگی گەورەی ئابوری و جوگرافی و سەربازی و ستراتیژی هەیە، کاریگەری گەورەی لە سەر ئابوری جیهان بەگشتی و ئابوری ئەمریکا بە تایبەتی هەیە، تا ئەو ڕادەیەی ئەم گەرووە کاریگەری لە سەر بۆرسە و پیشەسازی ئەمریکا و تەنانەت لە سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا هەیە، هەر ئەمەش کردوویەتە ڕێڕەوێکی ئاوی جیهانی.

٢-. ئەمریکا یەدەگی پەترۆل و گازی ناوچەی کەنداو وەک سەرچاوەیەکی گەورە و سەرەکی ئابورییە پیشەسازییەکەی سەیردەکات، تاکە ڕێگەی ڕۆیشتنی ئەم یەدەگەی کەنداویش گەرووی هورموزە، لەبەر ئەوە بەرگریکردن لە مانەوەی گەرووی هورموز بە کراوەیی، وەک توخمێکی جەوهەری بەرگری لە ئابوری ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا سەیردەکرێت.

٣- لە چوارچیوەی ستراتیژی خۆیدا، ئیدارەی ڕیگان هەڕەشە و مەترسیەکانی سۆڤێتی لە سەر گەرووی هورموز بەهەند وەرگرتبوو، بێگومان سۆڤێتیش لە ستراتیژی خۆیدا دەیویست کۆنترۆڵی ئەم گەرووە بکات و پاشان وەک چەکێکی ئابوری گەورە دژ بە بلۆکی سەرمایەداریی بە سەرکردایەتی ئەمریکا بەکاریبهێنیت.ستراتیژی ئیدارەی ڕیگانیش ئەوە بوو، کە مەترسییەکانی هەژموونی سۆڤێت لە ناوچەی کەنداو و گەرووی هورموز بەتەواوەتی دوربخاتەوە.

٤ بە درێژایی ساڵانی هەشتاکان و لە چوارچیوەی ئیدارەی ڕیگاندا، گەرووی هورموز بووە یەکێک لە خاڵە جەوهەرییەکانی ململانیی نێوان ئەمریکا و ئێران، ئەمریکا هەموو دژایەتییەکی ئێرانی لە بەرامبەر داخستنی گەرووەکەدا دەکرد، تا ئاستی پێکدادانی ڕاستەوخۆی سەربازی، ئێرانیش لە لایەن خۆیەوە گەرووەکەی وەک چەکێکی ئابوری و سیاسی دژ بە ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا بەکاردەهێنا.

٥_ یەک لە ئەنجامەکانی جەنگی ئێران-عێراق، کەمبوونەوەی بەکارهێنانی گەرووی هورموز بوو وەک هێڵی ژیانی ڕۆژئاوا، تێوەگلانی ئەمریکایش لە جەنگەکەوە لەماوەی ئیدارەی ڕیگاندا، بە پلەی یەکەم بەشیک بوو لە ستراتیژی ئەمریکا بۆ پاراستنی ڕێڕەوی ئاوی ناوچەی کەنداو و هێشتنەوەی گەرووی هورموز بە کراوەیی.

# لیستی سەرچاوەکان:

## یەکەم/ کتێبەکان:

### أ-کتیبەکان بە زمانی ئینگلیزی:


1- Almezani, Khaled and Others…(2020). Fostering a New Security Architecture in the Middle East, Foundation for European Progressive Studies, Belgium.s.

2- Battle, Lucius D. and Others…(1988).Western Interests and U.S Policy Options in the Middle East, The Middle East Institute, Washington D.C.

3- Crist David B.(2020). U.S Central Command Campaign Planning Against the Soviet Union 1979_1987, U.S.A.

4- Culbertson, Shelly , Shatz, Howard J. and Stewart, Stephanie, .(2022). Renewing U.S Security Policy in the Middle East, Published by RAND Corporation, U.S.A.

5- Goldenberg, Ilan and Schwed, Jessica and Thomas Kaleigh.(2019). In Dire Straits? Implications of U.S_ Iran Tensions for the Global Oil Market, Columbia SIPA Center on Global Energy Policy.

6- H.M Government.(2022). National Strategy for Martine Security, Presented to Parliament by the Security of State for Transport by Comand of Her Majesty, H.H Associated Ltd, U.K.

7- Kaye, Dalia Dassa and Others…U.S Strategy in the Middle East, Sustainable Partnerships, Strategic Investments, Rand Corporation, U.S.A.

8- Lesser, Lan O.(1992). The Persian Gulf and the Grand Strategy Contemporary Issues in Historical Perspective, National Defense Research Institute, U.S.A.

9- Mobley, Richard A.(2022). Determine Without Escalation Fresh Insights in to U.S Decision-making During Operation Earnest Will, J.F.Q.106, U.S.A.

10- Rivlin Alice M.(1983). Rapid Deployment Forces Policy and Budgetary Implications, A CBO Study, Congress of the United States, Congressional Budget Office, Washington.

11- Schroden, Jonathan.(2011). A Strait Comparison Lessons Learned from the 1915 Dardanelles' Campaign in the Contact Strait of Hormuz Closure Event, C.N.A Analysis and Solutions.

12- Serwer, Daniel.(2016). U.S Policy in the Middle East, Middle Eastern Institute, U.S.A.

13- Zenko, Mecah.(2018).U.S Military Policy in the Middle East an Appraisal, CHATAM House the Royal Institute of International Affairs, U.S.A.

**دووەم/ نامە و تێزەکان:**

**نامە و تێزەکان بە زمانی ئینگلیزی:**

1- Burki, Shireen K.(1992). The United States Involvement in the Iran_ Iraq War, Woodrow Wilson Department of Government and Foreign Affairs, University of Virginia, U.S,A.

2- Esquivel, James M.(1997). Iran and the Strait of Hormuz Varying Levels of Interaction, Naval Postgraduate School, Monterey, California.

3- Franklin,Janet A.(2019).United States Foreign Polices on Iran and Iraq and the Negative Impact on the Kurdish Nationalist Movement Throw the Nixon Era Through the Reagan Years, Whig state University, Core Scholar, Part of History.

**نامە و تێزەکان بە زمانی عەرەبی:**

١- برع برع، أحمد حازم.(٢٠٢٠). ألاهمية الاستراتيجية لمضيق هرمز و انعكاساتها على الأمن في منطقة الخليج العربي، جامعة شرق الاوسط، كلية الاداب والعلوم، قسم العلوم السياسة، عمان، الاردن.

٢- محمد، رحال.(٢٠١٧). الصراع على المضائق الدولية دراسة حالة مضيق هرمز، رسالة ماجستير، جامعة الشهيد حمة لخضر-الوادي، كلية الحقوق و علوم السياسة، قسم العلوم السياسة.

**ج-_ نامە و تێز بە زمانی کوردی:**

١- عبدالله، هاوار کمال میرزا.(٢٠١٩).ملانێی ئەمریکی ئێرانی ١٩٨٠-١٩٩١توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسیە، زانکۆی سلێمانی، کۆلیجی زانستی مرۆڤایەتی، بەشی مێژوو.

**سێیەم/ توێژینەوکان:**

**أ_توێژینەوەکان بە زمانی ئینگلیزی:**

1- Chairman Robert W.(2005). Ronald Reagan Late a President of the United States, United States Government Printing Office, Washington D.C.

2- C.R.S (Congressional Record Service ).(2018). Iran's Threats the Strait of Hormuz and Oil Markets in Brief, Prepared for Member and Committees of Congress, U.S.A.

3- Cummins, Nicholas.(2022) . American Cold War Strategy and the Absence of the Swift and Effective Retribution for the 1983 Marine Barracks Bombing , School of History, Politics and International Relations, University of Leicester, U.K.

4- Esmail, Ahmed Abid, Abas, Faisal Shallal and Hamzah, Majeed Kamil.(2020). The Strategic Importance of the Strait of Hormuz and its Impact on the Iranian _American Conflict, International Journal of Inovation, Volume 12, Issue 1.

5- Lamook, Morteza Mahmudi and Seraji, Shahla.(2018). A Security of Strategic Importance of the Strait of Hormuz in the Middle East With an Emphasis on Iran's Role in Maintaining its Security, International of Political Science , Vol.8, No.3,Autmn.

6- Preece , Richar M.(1987) . The Iran _ Iraq War Implication for U.S Policy, Foreign Affairs and National Defense, Division Congressional Research Service, October, 10.

7- Reich, Bernard and M.A.J Stephen H. Gotowicki.(1991). The United States and the Persian Gulf in the Bush Administration, Royal United Service Institute and the Brassy's Defense Year Book, London.

8- Richman, Sheldon.L.(2018). Where Angels Fear to Tread the United States and the Persian Gulf Conflict, CATO Institute Policy Analysis, No.90, September.

9- ayan, Yousf and Kilic, Fatih.(2020). The Strait of Hormuz and Iran's International Relation, The Journal of Eurasian Research, Necmmettin Erbacan University.

10- Valdani, Asghar Jafari.(2012). The Geopolitics of the strait of Hormuz and the Iran_ Oman Relations, Iranian Review of Foreign Affairs.Vol.2, No.4.

11- Waker, Georg K. The Tanker War 1980_1988 Law and Policy, International Law Studies, Volum (74), Chapter II, U.S Naval War College, Department of The Navy.

12- Wahlisch, Martin.(2012). The Iran_ U.S Dispute The Strait of Hormuz and International Law, The Yale Journal of International Law, June.

13- Wen, Shwang.(2010) The Strait of Hormuz a Barometer of the Emerging U.S_Gulf_China Triangular Relationship, Association for Asian Studies, Georgetown University.

**ج_توێژینەوەكان بە زمانی عەرەبی:**

١- عبدالفتاح، أ.د.فكرت نامق و الزويني، عبدالجبار كريم.(٢٠١٢).-السياسة الخارجية الأمريكية حيال الخليج العربي بعد عام ٢٠٠٣، مركز حمورابي للبحوث والدراسات الأستراتجية.

٢- حسين، د.مصطفى جاسم و عبيد،د.هناء حسن.(٢٠٢١). الصراع الأمريكي الايراني في مضيق هرمز، الجامعة المستنصرية، كلية علوم سياسة، المجلة السياسة الدولية، العدد التاسع و الأربعون، كانون الأول.

٣- ظاهر،أ.م.د .سعدون شلال و العذاري،م.م تغريد رامز هاشم، الاستراتيجيات الإقليمية والدولية في مضيق هرمز،كلية التربية للبنات ، جامعة الكوفة، مجلة بحوث الجغرافية، العدد(١٤).

٤- منتظران، جاويد.(٢٠١٨). دراسة الوضع القانونى للاغلاق مضيق هرمز من قبل ايران بموجب القانون الدولي، ترجمة: مركز البيان للدراسات والتخطيط، بغداد.

**چوارەم/ بڵاوكراوەی فەرمیی:**

١- اتفاقية الأمم المتحدة لقانون البحار لعام (١٩٨٢).

پێنجەم/ڕاپۆرتەكان:

1- 1-I.C.J (International Court of Justice).(1993).Islamic Republic of Iran V. United States of America, Prelementary Objection Submitted By the United States of America, 16, December.

2- 2-Wisdom Tree.(2019). 40 Years of Fraught U.S Iranian Tensions in the Persian Gulf, July.

-

پاشکۆی ژمارە (١)




(پێگەی جیۆگرافی گەرووی هورموز)، وەرگیراوە لە:

**C.R.S (Congressional Record Service ).(2018). Iran's Threats, the Strait of Hormuz, and Oil Markets: in Brief, Prepared for Member and Committees of Congress, U.S.A.**